Job Platform

**پلاتفۆڕمی هەلی کار**

# ڕێبەری بەکارهێنەر

# پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەلی کار

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................................................................................ 3
ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر ........................................................................................................................ 3
هەنگاوەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەلی کار ......................................................................... 3
کۆتایی ........................................................................................................................................ 10

## پێشەکی

پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەلی کار هەنگاوێکی گرنگە لە گەشتی پیشەییتدا. پلاتفۆرمی دیجیتاڵی دامەزراندنی ئێمە ئەم پرۆسەیە ئاسان دەکات، وا دەکات بۆ داواکارانی کار بە ئاسانی هەلی گونجاو بدۆزنەوە و داواکاری پێشکەش بکەن. ئەم ڕێبەرە هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییت دەکات بۆ پێشکەشکردنی سەرکەوتووانەی داواکاری بۆ هەلی کار بە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکەمان.

## ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر

ئەم ڕۆڵانەی بەکارهێنەر دەتوانن داواکاری بۆ هەلی کار پێشکەش بکەن :

| ژ. | ناوی ڕۆڵ | وردەکاری |
|---|---|---|
| ١ | داواکاری کار | ئەو کەسانەی کە لە پلاتفۆرمەکەدا خۆیان تۆمار کردووە و بە چالاکی بەدوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن. |

## هەنگاوەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەلی کار

1. چوونە ژوورەوە بۆ هەژمارەکەت

وێبگەڕەکەت بکەرەوە و بڕۆ بۆ لاپەڕەی سەرەکی پلاتفۆرمەکە.(https://kar.molsa.gov.krd)




*شێوەی ١: لاپەڕەی سەرەکی*

2. زانیارییەکانی چوونە ژوورەوەت داخڵ بکە و کلیک لەسەر دوگمەی "چوونە ژوورەوە" بکە.




شێوەی ٢: لاپەڕەی چوونە ژوورەوە

3. دوای چوونە ژوورەوە، لە لاپەڕەی سەرەکی کلیک لەسەر دۆزینەوەی کار بکە.




شێوەی ٣: دۆزینەوەی کار

4. بگەڕێ بەدوای کاری خوازراو

لە لاپەڕەی دۆزینەوەی کار لیستی هەلی کارە بەردەستەکان ببینە، دەتوانیت فلتەر گەڕان بەکاربهێنیت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە لەگەڵ لێهاتووی و خواستەکانت بگونجێ، هەروەها دەتوانین لیستی هەلی کارەکان بەشێوەی کارد یان لیست ببینیت.




*شێوەی ٤: لیستی هەلی کارەکان*

5. دەستپێکردنی پرۆسەی داواکاری

ئەگەر هەلی کارێکت دۆزییەوە کە دەتەوێت داواکاری بۆ پێشکەش بکەیت، کلیک لەسەر دوگمەی "پێشکەشکردن" بکە کە پەیوەستە بەو هەلی کارەوە.




*شێوەی ٥: هەڵبژاردنی هەلی کاری گونجاو*

6. وردەکاری هەلی کار

لە بەشی وردەکاری هەلی کاردا، بە وردی چاو بە زانیارییە پەیوەندیدارەکانی ئەو کارەدا بخشێنەوە. دوای هەڵسەنگاندنێکی ورد، ئەگەر کارەکە لەگەڵ پێداویستی و لێهاتووییەکانی پیشەکەتدا هاوتەریب بوو، کلیک لەسەر دوگمەی "پێشکەشکردن" بکەن بۆ ناردنی داواکارییەکەتان.




*شێوەی ٦: وردەکاری هەلی کاری هەڵبژێردراو*

7. ناردنی داواکارییەکەت

(لە حاڵەتی ئەوەی کە پێشتر زانیارییەکانتان تۆمارنەکردبوو لە لاپەڕەی کەسی ئەوا ناتوانیت داواکاری کار پێشکەش بکەیت پێویستە سەرەتا لاپەڕەی کەسی پڕ بکەیتەوە لەڕێی کلیک کردن لەسەر "دەستکاری کردنی لاپەڕەی کەسی" ).




*شێوەی ٧: ئاگەداری بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەی کەسی*

ئەگەر پێشتر زانیارییەکانت تۆمارکردبوو لە لاپەڕەی کەسی ئەوا پێداچوونەوە بۆ نامەی نیەت بکە ئەگەر ویستتان دەتوانن گۆڕانکاری بکەن لە نامەی نیەت، پاشان کلیک لەسەر "داواکاری بۆ هەلی کار" دا بکە.




*شێوەی ٨: داواکاری هەلی کار*

8. پشتڕاستکردنەوەی داواکاری




شێوەی ٩: پشتڕاستکردنەوەی داواکاری

پەیامێکی پشتڕاستکردنەوە دەردەکەوێت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە داواکارییەکەت بە سەرکەوتوویی نێردراوە.




شێوەی ١٠: نامەی دڵنیایی

## 9. پشتڕاستکردنەوەی ناردنی داواکاری

ئەم هەنگاوە دڵنیایی دەدات کە داواکارییەکەت بە تەواوی لە سیستەمەکەدا پرۆسەی بۆ کراوە. بگەڕێوە لاپەڕەی سەرەکی، کلیک لەسەر "داشبۆردەکەم" لە پێڕستی سەرەکیدا بکە، ئەمە دەتباتە داشبۆردی تایبەتی خۆت کە دەتوانیت چالاکییەکانت ببینیت.




*شێوەی ١١: داشبۆردەکەم*

دەتوانیت لێرەدا چاودێری پێشکەوتنی داواکارییەکەت و هەر نوێکردنەوەیەک لە لایەن خاوەنکارەوە بکەیت.




*شێوەی ١٢: لە داشبۆردەکەم پێداچونەوە بە داواکاری کارەکانم*

## کۆتایی

پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەلی کار لە ڕێگەی پلاتفۆرمی دیجیتاڵی دامەزراندنی ئێمەوە پرۆسەیەکی ڕاستەوخۆیە. بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە، دەتوانیت بە کاریگەری داواکارییەکەت پێشکەش بکەیت و هەنگاوی داهاتوو لە گەشتی پیشەییت بنێیت. لەبیرت بێت پرۆفایلەکەت نوێ بکەیتەوە و بەردەوام داشبۆردەکەت بپشکنە بۆ دەرفەتی نوێ و نوێکردنەوەی داواکارییەکان.